# ئایرۆنی لە کورتیلەچیرۆکی کوردیدا

ID No. 354
(PP 290 - 302)
https://doi.org/10.21271/zjhs.26.6.16

**سەنگەر نازم حوسێن**
بەشی کوردی، فاکەڵتی پەروەردە، زانکۆی کۆیە
Sangar.nadhim@koyauniversity.org

**ڕێزان ساڵح مەولود**
بەشی کوردی، فاکەڵتی پەروەردە، زانکۆی کۆیە
Rezan.saleh@koyauniversity.org

**وەگـــــرتن : 2022/06/12**
**پەسندکردن : 2022/08/11**
**بڵاوکردنەوە : 2022/12/25**

**پوختە**

ئەم توێژینەوەیە، کە لەژێر ناونیشانی(ئایرۆنی لە کورتیلەچیرۆکی کوردی)دایە، لە بنەڕەتدا تەوەرەیەکی تێزی دکتۆرایە، کە هەڵبژێردراوە بۆ بڵاوکردنەوە و پێکهاتووە لە پێشەکی و تەوەرەیەك و چەند باسێك و لە کۆتاییشدا ئەو ئەنجامەی تێدا خراوەتەڕوو، کە توێژەران پێی گەیشتوون.

لە دەستپێکی توێژینەوەکەدا بە شێوەیەکی تیۆریی باس لە چەمکی ئایرۆنی و ڕۆڵ و گرنگی و ئەرکی ئایرۆنی و جۆرەکانی کراوە، ئینجا دواتر بەشێوەیەکی پراکتیکی نموونە بۆ جۆرەکانی ئایرۆنی لە کورتیلەچیرۆکی کوردی-کرمانجی ناوەڕاست هێنراوەتەوە .

گرنگی باسێکی لەم چەشنە لەوەدا دەردەکەوێت، کە بۆ یەکەمجارە کار لەسەر بابەتێکی لەم چەشنە دەکرێت و پێشتر تەنیا لە بواری شیعری کوردیدا کاری لەسەر کراوە، لەکاتێکدا ئەم ڕەگەزە تەنیا بە شیعرەوە نەبەستراوەتەوە، بەڵکو دەکرێت لەناو تێکڕای ژانرەکاندا ببینرێت.

**وشە کلیلییەکان:** ئایرۆنی، کورتیلەچیرۆك، ئەدەبی کوردی.

**1-پێشەکی:**

دەقی ئەدەبیی لەخۆگری کۆمەڵێك ئامراز و ڕەگەز و کەرەستەی جۆراوجـۆرە و هەر یەکێـك لەمـانەش بەپێـی پێویسـتی خـۆی ڕۆڵ دەگێڕێت و گرنگی تایبەتی خۆی هەیە و ئایرۆنیش وەکو یەکێك لە کەرەسـتەکانی ئەدەب لەنـاو تێکـڕای ژانرەکانـدا بەهـا و بـایەخی خۆی هەیە و زۆرجار وەکو ئامرازێکی کاریگەر لەبەر دەستی نووسەر دایە بۆ گەیاندنی پەیامەکەی و بەخشینی کـاریگەرییەکی زیـاتر بە دەقەکەی، بۆیە لەناو لێکۆڵینەوەکانی ئەمڕۆشدا کڵاوڕۆژنەیەکی تازەی بۆ کراوەتەوە و ڕەخنەگران بە گرنگییەوە لێیدەڕوانن.

**ناونیشانی توێژینەوەکە:** ئایرۆنی لە کورتیلەچیرۆکی کوردیدا

**گرنگی توێژینەوەکە:** توێژینەوەیەکی لەم چەشنە گرنگییەکەی لەوە دایە، کە بۆ یەکەمجارە بە شێوەیەکی پراکتیکیـانە کـار ئـایرۆنی کراوە لە بواری کورتیلەچیرۆکدا و تێیدا هەوڵدراوە چەند نموونەیەکی کورتیلەچیرۆکی کوردی بە شێوەیەکی زانستیانە شیبکرێتەوە.

هۆی هەڵبژاردنی بابەتەکە: زیاتر بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە تاوەکو ئەمڕۆ زیاتر لە بواری شیعردا کار لەسـەر ئـایرۆنی کـراوە و کەمـتر ئاوڕ لە ئایرۆنی چیرۆك و جۆرەکانی دراوەتەوە، بۆیە وامان بە باش زانی تیشك بخەینە سەر ئەم لایەنە.

**سنوری توێژینەوەکە:** ئەم توێژینەوەیە لە چوارچێوەی کورتیلەچیرۆکی کوردیی-کرمانجی ناوەڕاست دایە.

**پێکهاتەی توێژینەوەکە:** توێژینەوەکە لە پێشەکی و تەوەرەیەکی سەرەکی و چەند پاژێك پێکهاتووە، لە کۆتاییشدا ئەنجام و لیستی سەرچاوەکان دێن و بە شێوەیەکی گشتی دابەشکراوەتە سەر هەر دوو لایەنی تیۆری و پراکتیکی. لەڕووی تیۆرییەوە چەمك و پێناسە و زاراوە و جۆرەکانی ئایرۆنی باسیان لێوەکراوە. لە دیوە پراکتیکییەکەشدا نموونە بۆ جۆرەکـانی ئـایرۆنی لە کـورتیلەچیرۆکی کـوردی هێنراوەتەوە.

**پرۆژە زانسـتییەکانی پێشـوو:** تـاوەکو ئێسـتا ئەوەی بەرچاومـان کەوتبێـت دوو تێـزی ئەکـادیمی لەمبـارەوە نـووسراون، کە ئەوەی یەکەمیان وەکو کتێب چاپکراوە:

1. قەرەنی،ئەحمەد(د)(2012) ڕەخنەی ئایرۆنی لە شیعری نوێی کوردیدا،چ1،چاپخانەی حاجی هاشم ،هەولێر.
2. عەبدولڕەحمان،حوسێن ئۆسـمان(2007) ڕۆڵـێ پاردۆکسـێ د پێکهاتنـا هۆزانێـدا-کرمانجیـا سـەرێ وەك نمـوونە، نـامەی ماستەر، کۆلێژی ئاداب،زانکۆی دهۆك.

**2. چەمك و پێناسەی ئایرۆنی:**

یەكێك لەو ئامرازە گرنگانەی، كە لەبەردەستی كورتیلەچیرۆكنووسدا هەن بۆ چڕكردنەوەی زیاتری چیرۆكەكەی ئایرۆنییە و زۆرجار وەكو تەكنیكێكی سەرەكی لە نووسینی كورتیلەچیرۆكدا ئەژمار دەكرێت و بە یەكێك لە تایبەتمەندییە هەرە دیارەكانی بونیاتی شیعرییەتی دەقی ئەدەبیی دادەنرێت.

ئەم ئامرازە لە كۆنەوە جێی بایەخی نووسەران بووە و هەوڵیانداوە لە دەقەكانیان بەكاری بهێنن و لە ساتەوەختێكی زووشەوە لەلایەن تیۆریستانەوە باسی لێوەكراوە و تاوەكو ئێستاش جێی بایەخی ڕەخنەگرانی ئەدەبە.

ئایرۆنی بە شێوەیەكی گشتی بریتییە لە گوتنی شتێك لە ڕێگەی وشە و دەربڕینەكانەوە، بەڵام مەبەست لێی شتێكی دیكەی جیاوازە لە واتای وشە و ڕستە دەربڕاوەكان، واتە كۆی واتای وشە و ڕستە دەربراوەكان یەكسان نییە بەو واتایەی، كە دواجار لە خوێندنەوەی بەرهەمەكە بەرهەم دێت، بە واتایەكی دیكە ئایرۆنی بریتییە لە خوڵقاندنی دوو جیهانی دژبەیەك، كە یەكێكیان جیهانێكی بینراو و ئاشكرایە و ئەویتریان جیهانێكی نەبینراو و شاراوەیە و لە هەموو بارەكاندا "هاودژی مەرجی سەرەكی ئایرۆنییە"(الابراهیمی،2017: 20) و بەبێ هاودژی و دژوازی ئایرۆنی دروست نابێت، چونكە هاودژی ناوكی ئایرۆنییە و ئامرازی سەرەكییە لە دروستبوونیدا.

بەلای (ئەرستۆ)وە "بریتییە لە بەكارهێنانی سەرلێشێوێنەرانەی زمان و شێوەیەكە لە شێوەكانی ڕەوانبێژی."(سلیمان،1999،ص 129).ئەمەش زیاتر لەگەڵ شیعردا یەك دەگرێتەوە، هەرچەندە لەناو بەرهەمە ئەدەبییەكانی دیكەشدا دەبینرێت، بەڵام سروشتی شیعر زیاتر ئەم تایبەتمەندییەی تێدایە و دەرفەتی ئەوە دەدات، كە زمانی تێدا چڕتر بكرێتەوە و ئایرۆنیش تێوانی پتر لەگەڵ چڕكردنەوەدا خۆشە.

لە فەرهەنگی (بەریتانیكا)دا ئایرۆنی بەم چەشنە پێناسە كراوە:"بریتییە لە گوزارشتكردن لە مانایەك بە وشەیەكی پێچەوانەی ئەو واتایە".(Britannica,?: 390).بەم پێیە نووسەر لە ڕێگەی گوتنی شتێك شتێكی دیكە دەردەخات، كە زیاتر مەبەستی شتە دوورەكەیە تا نزیكەكە، ئەم تایبەتمەندییەش نەك هەر لەناو ئەدەبدا بگرە لە بەرهەمە فۆلكلۆرییەكان(بۆ نموونە لە پەندی پێشینان)یشدا دەبینرێت و لە زمانی ئاساییشدا بواری بەكارهێنانی هەیە.

(ماكس بیریۆم)دەڵێت: "ئایرۆنی ڕووداوێكی زۆر كاریگەرە بە خەرجكردنی كەمترین ئامراز."(قریمیدە،2014،ص 76).ئەمەش لەبەرئەوەی ئایرۆنی ئامرازی سەرەكی چڕكردنەوەیە و ڕۆڵی هەیە لە دەستەبەركردنی واتای زۆر بە وشەی كەم و هەر كاتێك خوینەر دەقێك دەخوێنێتەوە، كە ئایرۆنی لەخۆ گرتبێت هەست بەو لاسەنگییە دەكات، كە لە تەرازووی وشە و واتاكاندا هەیە.

(سی.دی.میویك)دەڵێت: "هونەری گوتنی شتێكە، بێ ئەوەی بە شێوەیەكی كرداری بیڵێیت."(الحسین،2010،ص 59).واتە نووسەر لە ڕێی بەكارهێنانێكی لێزانانەی زمانەوە دەتوانێت ئەو شتە بگەیەنێت، كە لە قوڵایی نەست و دەروونیدا خۆی حەشارداوە، بێ ئەوەی ڕاستەوخۆ بڵێت من مەبەستم ئەوە بووە.

(شلیگڵ) گوتوویەتی:"ئایرۆنی شیكردنەوەی گریمانە و دژوازییە."(میویك،1993،ص142).چونكە نووسەر بە مەبەست ئەو دژوازییە دروست دەكات و پێشكەشی خوێنەری دەكات خوێنەریش لە پرۆسەی خوێندنەوەی دەقەكەدا گریمانەی شتگەلێك دەكات، كە بە هۆی دژوازییەكەدا لای دروست بووە.

(ساموێل جۆنسۆن) لەبارەی ئایرۆنی دەڵێت:" ڕێگەیەكە لە ڕێگەكانی گوزارشتكردن، كە مانا تێیدا دژ و پێچەوانەی وشەكانە."(سلیمان،1991،ص 57).چونكە گوزارشتێك، كە ئایرۆنی لەخۆگرتبێت دوو ئاستی تێدا دەبینرێت، یەكەمیان ئاستی ڕووكەش و ڕواڵەتی وشەكانە، كە واتایەكی تەواوی هەیە و خوێنەری سادە زیاتر ڕوو لەو واتا سادەیە دەكات، هەرچی دووەمە ئاستی قووڵ و ژێرەوەی وشە دەربڕاوەكانە، كە شاراوەیە و تەنیا خوێنەری كارامە دەتوانێت پەی پێبات.

(ئۆگۆست ڤیلهلێم) وای بۆ دەچێت، كە ئایرۆنی" هاوسەنگیكردنی نێوان ڕاستەقینە و گاڵتەیە،یا هاوسەنگیكردنی نێوان وێناكردن و باو(مەئلوف)ە".(میویك،1993،ص 31)بەو واتایەش ئایرۆنی دیالەكتیكێك دروست دەكات، لەنێوان دوو جیهاندا،یا لەنێوان دوو هەڵوێست و بارودۆخدا و یەكیان لە خزمەتی ئەویتریان دایە و لە زۆربەی بارەكانیشدا دیوە هەزەلی و خەیاڵییەكە لە بەرژەوەندی دیوەكەیتر كاردەكات.

(عەبدولواحد لؤلؤة)دەڵێت: شێوازێكی ڕەوانبێژییە گوزارشت لە مەبەست دەكات بە بەكارهێنانی وشەگەلێك، كە هەڵگری واتایەكی دژن."(قریمیدە،2014،ص 77) هەموو وشەیەكی زمانیش ناتوانێت ئایرۆنی دروست بكات، بەڵكو هەنێك وشە هەن، كە لە كاتی ڕیزبوونیاندا دەتوانن، جگە لە واتا ڕووكەشەكانیان واتای دیكە بدەن، واتە كاتێك لە سیاقێكی تایبەتدا ڕیز دەكرێن ڕەنگدانەوەیەكی جیاوازیان دەبێت.

(دەیڤید لاج)دەڵێت: لە ئاخافتندا، کینایە{Irony} بریتییە لە گوتنی پێچەوانەی ئەو شتەی مەبەستتە، یاخود پێشوازیکردنە لە شرۆڤەیەکی جیاواز لە مانای ڕووکەشی ئەو قسانەی، کە تۆ کردووتن."(لاج،2019،ل 264).ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت، کە ئایرۆنی پرۆسەیەکی هۆشیانەیە، لە چنین و بونیاتانی دەقی ئەدەبیدا، واتە شتێك یە لەخۆوە و بێ وردبوونەوە بکرێت، بەپێچەوانەوە نووسەر بەمەبەست دروستی دەکات تا لە ڕێیەوە هۆش و ئاوەزی خوێنەری پێ تاقیبکاتەوە.

(عبدالعزیز الاهوائی)پێیوایە، کە" ئایرۆنی وروژاندنی سەرسامییە لەنێوان دوو دژ، بەڵام یەکێکیان ئەوەیتریان پووچەڵ ناکاتەوە".(قریمیدە،2014،ص 77).بەڵام لەنێوان هەردوو دژەکەدا یەکیان زیاتر مەبەستە و نووسەر ئەوەی دیکە بە مەرامی شاردنەوەی مەبەستە سەرەکییەکە دەهێنێت واتە یەکێکیان لە خزمەتی ئەوەیتریان دایە.

(د.نەبیلە ئیبراهیم) دەڵێت:" زمانێکی پەیوەندیکردنی نهێنییە لەنێوان نووسەر و خوێنەردا و دەکرێت ڕستەیەك بێت، یا تێکڕای کارە ئەدەبییەکە بگرێتەخۆی"(الابراهیمی،2017،ص 19). ئەمەش ئەوە دەردەخات، کە ئایرۆنی دەشێت دیویکی ڕەوانبێژییانە(بلاغی)هەبێت و لە چوارچێوەی وشەکاندا دەرکەوێت، کە زیاتر لە شیعردا دەبینرێت، یاخود پێوەست بێت بە کۆی کارە ئەدەبییەکەوە و ئەمەش زیاتر لەگەڵ ژانرە پەخشانییە گێڕانەوەئامێزەکاندا دەگونجێت.

(محمد یوب) دەڵێت:"ئایرۆنی بریتییە لە بەکارهێنانی زمان بە شێوازێك، کە واتایەکی شاراوەی هەڵگرتبێت، کە ئاراستەی جەماوەرێکی تایبەتی جیاواز کرابێت و ماناکەی دیکەشی ئاشکرا بێت و ئاراستەی کەسانی گوێگر کرابێت."(یوب،2015،ص 94).

لە کۆی ئەوانەی گووتران دەتوانین بڵێین: ئایرۆنی لە ئەدەبدا خستنەڕووی بابەتێك، یا ڕووداوێکە بە پشتبەستن بە وشەگەلێکی فرە دەلالەت، یا لە ڕێگەی هێنانی کارەکتەری نەزان و بێئاگا، بە جۆرێك لە ڕووکەشدا دەقەکە واتای تایبەتی هەبێت و لە ئاستی قووڵیشدا واتایەکی شاراوەی هەبێت و مەبەستی نووسەریش لە هێنانەوەی ئەمەدا واتا دوور و شاراوەکە بێت، نەوەك واتا ڕووکەشەکە و لەڕێگەی ئەم ئایرۆنییەشەوە کۆمەڵێك ڕەگەزی گرنگی وەکو تەنز و سەرسوڕمانی و شۆکبوون دێنە ناو دەقەوە، کە ڕۆڵیان هەیە لە زێدەکردنی ئاستی ئیستاتیکی دەقەکە و وروژاندنی خوێنەر.

لە زمان و ئەدەبی کوردیدا زاراوەی پارادۆکس بۆ ئایرۆنی دانراوە وەرگیراوی(المفارقة)ی عەرەبییە، بەڵام هیچ کاتێك ئەم زاراوەیە پڕ بە پێستی زاراوە ئەوروپییەکە نییە[1]، جگە لەمەش کۆمەڵێك زاراوەی دیکەی وەك هاودژی و دژوازی دانراون، بەڵام کەمتر ڕۆیشتوون بۆیە ئێمەش هاوشێوەی (د.ئەحمەد قەرەنی) زاراوە ئینگلیزییەکەمان وەك خۆی بەکارهێناوەتەوە.

ئایرۆنی یەکێکە لە ئامرازە گرنگەکانی زێدەکردنی واتا و ئاوەڵاکردنی دەقی ئەدەبی بەرەو ڕووی واتا جۆراوجۆرەکان و ڕاڤە جیاوازەکان، هەروەها گرنگییەکەی لەوەدا دەردەکەوێت، کە یارمەتیدەرێکی باشی نووسەرە تا بتوانێت بە کەمترین وشە زۆرترین واتا بگەیەنێت و ئەگەر پێشتر لە چوارچێوەیەکی بەرتەسکی ڕەوانبێژیدا سوودی لێوەرگیرابێت، ئەوا ئەمڕۆ لە بازنەیەکی بەرفراوانتر کاری لەسەر دەکرێت و بە تایبەتیش لە دەقی کورتیلەچیرۆکدا وەکو پێداویستییەکی گرنگی شیعرییەتی[2] چڕکردنەوە چاوی لێدەکرێت و جگە لەمەش ئایرۆنی چەند ڕەگەزێکی دیکەی وەك تەنز و گاڵتەجاڕی لێدەکەوێتەوە، کە دواجار دەبن بە بەشێکی دانەبڕاوی گرنگ لە کورتیلەچیرۆکدا، بۆیە زێدەڕۆیی نییە، ئەگەر بڵێین ئەو چڕکردنەوەیەی لە کوریلەچیرۆکدا کاری بۆ دەکرێت بەبێ بوونی ئایرۆنی تێیدا هیچ جۆرە شیعرییەتێکی وای تێدا نابینرێت، چونکە ئەگەر کارەکە تەنیا چڕکردنەوە و کورتبڕی بێت، ئەوا نووسەرێکی کارامە دەتوانێت کورتەچیرۆك، یا ڕۆمانێکیش لە چەند دێڕ و ڕستەیەکدا پیشان بدات، بەڵام مەزراندنی ئایرۆنی کارێکە هەموو نووسەرێك دەرەوەستی نایەت، تەنانەت لەناو کورتیلەچیرۆکنووسانیش ئەوانەی، کە بە فراوانی سوود لە ئایرۆنی وەردەگرن کەم و دەگمەنن.

---

1 . ئەم فرە زاراوەیە بۆ ئایرۆنی لای عەرەبەکانیش هەیە و ئەوانیش المفارقة و السخریة بەکاردەهێنن. دکتۆر ئەحمەد قەرەنی لە تێزی دکتۆراکەیدا مشتومڕێکی باشی لەسەر ئەمە کردووە و جیاوازی لەنێوان هەردوو زاراوەی ئایرۆنی و پارادۆکسدا کردووە و باوەڕی وایە لە پارادۆکسدا هاودژەکان لە ڕواڵەتی دەربڕینەکەدا دەردەکەون، ئەگەر بە وردی سەیر بکرێت هاوئاهەنگییەکیش لەنێوانیاندا هەیە، لە ئایرۆنیشدا هاودژی هەیە، بەڵام بە یەکێکیان دەردەبڕدرێت، ئەوەی دووەم، کە مەبەستی قسەکەرە لە ناوەوەی دەقدا شاردراوەتەوە و وەرگر دەیدۆزێتەوە.(بڕوانە: قەرەنی،2012: 77). هەروەها (حوسێن ئۆسمان)یش لە ماستەرەکەیدا تێبینی ئەو جیاوازییەی کردووە و پێوایە لەڕووی سیمانتیکییەوە ئایرۆنی و پاڕادۆکس وەك یەك نین، چونکە پارادۆکس بە دروستی ئەو شتە دەگەیەنێت کە دەیڵێت، بەڵام ئایرۆنی پێچەوانەی ئەمەیە و شتی دیکە دەگەیەنێت. بڕوانە: (عەبدولرەحمان،2007: 139).

2 . شیعرییەت ڕێساکانی گوتاری ئەدەبییە. شاڕێیەکە لەڕێگەیەوە بەرهەمی ئەدەبی ناسنامە ئەدەبییەکەی وەردەگرێت و ئامێری تواندنەوە و لێکدانی ئەو ڕەگەز و کەرەسانەیە، کە نووسەر بۆ بونیاتی دەقەکەی وەریگرتوون، واتە لەڕێی شیعرییەتەوە کەرەسە خاوەکان بە پرۆسەیەکی پیشەسازیدا دەڕۆن و شێوە و سروشتە بنەڕەتییەکەیان دەگۆڕێت بۆ پێکهاتەیەکی نوێ، کە جیاوازە لە خۆیان و دەشێت بڵێین هەروەك چۆن تێکڕای پیشەکان پێویستییان بە شارەزایی و کارامەیی هەیە تاوەکو ئەوە بکەن، کە خەڵك پەسەندی دەکات و لە ئەدەبیشدا ئەو کارامەیی و شارەزاییەیە، کە شیعرییەت دەخولقێنێت و دەقی ئەدەبی دەکات بەو بەرهەمەی، کە خوێنەر و خەڵك پەسەندی دەکەن.

بـوونی ئـایرۆنی لە ئەدەبـدا و بە تـایبەتیش لە کورتیلەچیرۆکـدا لەوەدا خـۆی دەنوێنێـت، کە یارمەتیـدەرە لە هەڵسـەنگاندنی سەرکەوتوویی نووسەر هەروەك ئەوەی فلۆبێر بۆی چووە و پێیـوایە" لەڕێـگەی جەختکـردنەوە لەسـەر ئـایرۆنی دەتـوانین نووسـەر هەڵبسەنگێنین، لەبەرئەوەی ئایرۆنی خوداوەندێکی شاراوەیە لەنێوان خۆی و داهێنانەکەی."(میویك،1993،ص 182).

**3.ئایرۆنی لە کورتیلەچیرۆکدا**

پێشتر گووتمان کورتیلەچیرۆکنووس زیاتر مەبەستیەتی واتای شاراوە بگەیەنێت، نەوەك واتای ئاشکرا و ڕواڵەتـی و لەمەڕ پێناوەشـدا، ئایرۆنی بە یەکێك لە ڕەگەزە درامییە گرنگەکانی چیرۆك دادەنرێت، کە نووسەر بـۆ نیشـاندانی پێچەوانەی ئەوەی، کە مەبەسـتیەتی پەنـای بـۆ دەبات."(الـدباغ،2019،ص 923). بەمەر هۆیەشـەوە نەوتـراو بەسـەر وتـراودا زاڵ دەبێـت و واتـا چەنـد بەرانـبەری وشـە فەرهەنگییەکانی لێدێت.

" ئایرۆنی لە گێڕانەوەی چیرۆکیدا بریتییە پوختەی بەراوردکردنی دوو شـت، یـا دوو حـاڵەتی دژ و مێمڵ، کە نووسـەر چ بە شـێوەی ئاشکرا، یا بە پەنهان لە دەقەکەدا وێنەیان دەکێشێت."(عقاری و بن صالح،2019،ص34). ئەمە دوو شتە، یا دوو هەڵوێستەش جـۆرە چێژێك دەهێننەکایەوە، کە لەبیر خوێنەری دەباتەوە بەرهەمێکی چکۆڵە و کەمە خایەنی خوێندۆتەوە، چونکە ڕەنگدانەوەیەکی واتایی زۆر لای خوێنەرەکە جێدەهێڵێت و تا ماوەیەکی زۆر کاریگەرییەکەی دەمێنێت.

لە چیرۆکدا "ئایرۆنی یارییەکی ئاوەزی زیرەکانەیە و یەکـێکە لە سەرنجڕاکێشـترین چەشـنەکانی چـالاکیی عەقڵی."(المـواج،2020،ص 112). و یەکێکە لەو گەمە زمانییانەی، کە نووسەر بەئەنقەست لەگەڵ خوێنەری دەقەکەی دەیکات تا هەست و هۆشی خوێنەرەکەی پێ تاقیبکاتەوە و هەروەك زیادەیەکیش بخاتە سەر واتای چیرۆکەکە،" چـونکە ئـایرۆنی ئیسـتاتیکایەکی تەواوکـاریی چڕکـردنەوەیە لە کورتیلەچیرۆکـدا لەو ڕووەوەی، کە چڕکـردنەوە گرێـدراوی بونیـاتە بەر لە واتـا و ئـایرۆنیش پەیوەسـت دەبـێ بە واتـا بەر لە بونیات."(عقاری و بن صالح،2019،ص 36).

لەلایەکی دیکەشەوە ئایرۆنی ڕاستەوخۆ گرێـدراوی گێـڕانەوە دەبێـت و هەوڵـدەدات شـێواز و چەشـنی گێـڕانەوە بگۆڕێـت و جـۆرە ڕیتمێك بۆ چیرۆکەکە دروستبکات، کە جیـاواز بێـت لەوانیـتر. بە واتـایەکی دیـکە ئـایرۆنی تەکنیکێکـی چیـرۆکییە و هەوڵـی گـۆڕینی گێڕانەوەی ڕاستەوخۆئاسای چیرۆك دەدات و ئەو گۆڕینەش جۆرێك لە وروژان و هاندان لای خوێنەر دروستدەکات.

"ئایرۆنی هەستمان بەرانبەر شتەکان زیاتر دەکات، یارمەتیدەرە لە قووڵبوونەوەی تێگەیشتنمان بۆ شتەکان و گەیاندنی بە ڕێگەیەکـی ئامازەیی(ئیحـایی) زۆر هەتەریتر(جیـددیتر) وەك لە ڕێـگەی ڕاستەوخۆ."(الحسـین،2010،ص 59). لە ڕێـگەی ئـایرۆنییەوە خـوێنەر هەست بەوە دەکات، کە نووسەری دەق جۆرە ڕێزێکی لێ گرتووە و وەکو بەشـێك لە پرۆسـەی بەرهەمهێنـان و هەڵهێنجـانی واتـا و مەبەست سەیری کردووە و هەندێك شتی بە نەوتراوی بۆ خوێنەر جێهێڵاوە تا خۆی بەدوایدا بچێت.

دەشێت وا لە ئایرۆنی بڕوانین، کە ئامرازێکە بەدەست نووسەرەوە، کە دەتوانێت لە ڕێـگەیەوە شـتە بچووکەکـان گەورە بکـات، یـا وایـدەرخات، کە گەورەن و سـەرەڕای ئەوەش یـارمەتی نووسـەر دەدات لە زێـدەترکردنی تـام و چێـژی بەرهەمەکەی و لەمەڕ بـارەوە (ئەنـاتۆڵ فـرانس) دەڵێـت:" جیهـانێکی بـێ ئـایرۆنی هاوشـێوەی دارسـتانێکی بـێ باڵنـدەیە."(میویك،1993،ص 128) ئەمە لە کورتیلەچیرۆکیشدا ڕاستە، چونکە لە زۆرێك لەو چیرۆکانەی، کە ئایرۆنییان تێدا نییە چیـرۆك وەکـو پـارچە گـوتنێکی بێ تام و واتـا دەردەکەوێت و خوێنەریش هێندە بە گرنگییەوە لێی ناڕوانێت، چـونکە دەزانێـت دەقەکە ناتوانێـت شـتێکی زیـاتر بـدات لەوەی، کە گوتوویەتی.

ئایرۆنی لە کورتیلەچیرۆکدا وێڕای ئەوەی یارییەکی عەقڵی زیرەکانەیە دوو ڕەهەندی دیـکەش لەخـۆ دەگرێـت "یەکێکیـان نەرێنییـانە خۆی دەردەخات و بریتییە لە جۆرە ستراتیژیەتێك لە بێموبالاتی و بێهیواکردن و هەڵخەڵەتاندنی خوێنەر، ئەویتریان ئەرێنییـانەیە و لەوەدا خۆی دەردەخات ،کە جۆرە چەکێکی هێرشبەرانەی کاریگەرە و ئەو چەکەش بریتییە لە بەخەندەهێنان، کە بەهۆی نـاکۆکی و دژوازییەوە دێتەکایەوە، نەك بەهۆی کۆمێدیاوە."(عثمان،2016،ص 86). ئایرۆنی ڕۆڵ دەگێڕێت لە تێکشکاندنی ئاسـۆی چـاوەڕوانی خـوێنەر لەو ڕووەوەی، کە خـوێنەر لە دەسـپێکدا چـاوەڕوانییەکەی لەسـەر ئەو وشـە و ڕسـتانە بونیـات دەنێـت، کە نووسـەر خستیویەتەڕوو، بەڵام لە ئەنجامدا کارەکە پێچەوانەی ئەمە دەکەوێتەوە و تێکڕای ئەو هیوایەی، کە خوێنەر بونیاتی ناوە دەڕووخێت و ئەمە بێهیوابوون و ڕووخانەش جۆرێك لە پێکەنین و خەندە دەهێنێتەکایەوە.

یەکێك لەو لایەنانەی، کە لە ئەنجامی بەریەککەوتنی ئەو دوو دیوە دروست دەبێت، کە ئایرۆنی دەیانئافرێنێـت تەنـزە. تەنـزیش"ئەو سیفەتەیە لە کردار، یا لە وشەکان، یا لە هەڵوێست، یان لە نووسـیندا پێکەنـین لای خـوێنەر دەوروژێنێـت."(ابراهیم ،2016،ص 3). زۆر ڕێگە هەن بۆ هێنانەکایەوەی تەنز لە بەرهەمـی ئەدەبییـدا و نووسـەر سەرپشـکە لە بەکـابردنی یەکێـك لەو ڕێگـایەنە، بەڵام بە

گشتی لە بواری کورتیلەچیرۆکدا تەنز بە یەکێك لە گرنگترین بەرهەمەکانی ئایرۆنی دادەنرێت."(المناصرە،2015،ص101). ئەمەش لەبەرئەوەیە، کە پاذ تایی کورتیلەچیرۆك ڕێگری لە زۆرێك لەو تەکنیکانە دەکات، کە شیاون بۆ ژانرەکانی دیکە، بۆیە ئەوەی لەبەردەستی نووسەر دەمێنێتەوە ئایرۆنییە و لە ڕێگەیەوە هەوڵدەدات جۆرە تەنزێك دروست بکات بۆ سەرقاڵکردنی خوێنەر و لە ڕێی ئەو تەنزەشەوە خوێنەر دووبارە سەیری شتەکان دەکاتەوە و بە وێنە و شێوەیەکی جیاواز دەیانبینێتەوە.

ئایرۆنی لە دەقی کورتیلەچیرۆکدا جۆرێك لە سەرلێشێواندن و هەڵخەڵەتاندن دێنێتەکایەوە و نووسەر لەو ڕێگەیەوە دەیەوێت سەرەتاتکێ لەگەڵ خوێنەر بکات، بەڵام ئەو هەڵخەڵەتاندنەش بۆ ئەوە نییە، کە خوێنەر لە حەقیقەت و ڕاستی دیاردەکان دووربکەوێتەوە، چونکە ئەو هەڵخەڵەتاندنەی ئایرۆنی پەسەندی دەکات ئەوەیە، کە جەخت لەسەر ڕاستییەك بکات بۆ ئەوەی بەرامبەرەکەی لێی تێبگات."(قەرەنی،2012،ل 116) لە ڕێگەی ئایرۆنییەوە خوێنەر هەست بە بوونی دوو دیاردە، یا دوو ڕووداو دەکات، یەکێکیان ڕواڵەتی و ناڕاستەقینەیە، ئەوەیتر قووڵ و حەقیقییە و لەڕاستیشدا مەبەستی نووسەر دووەمیانە و هەوڵدەدات خوێنەر پەی بە دووەمیان ببات، نەك یەکەم، چونکە ئەوەی یەکەم هەموو خوێنەرێك، تەنانەت، کەسێکی نەشارەزاش لێیتێدەگات و دەیدۆزێتەوە، بەڵام ئەوەی دووەم ئەنجامی کارلێکێکی بەتینی خوێنەرێکی پیشەییە لەگەڵ دەقەکە و لەڕێی شیتەڵکردنی یەکەمەوە بەدەست دێت و لە ڕاستیشدا بوونی ڕووداوی یەکەم هەر لەپێناو خزمەتکردنی ڕووداوی دووەمەوەیە. ئەگینا هیچ شتێك ناخاتە سەر دەقەکە.

جگە لەمانەش ئایرۆنی ڕۆڵ و کاریگەری هەیە لە پێکهاتەی کورتیلەچیرۆکدا و بەتایبەتیش لە دروستکردنی کۆتاییەکی هونەرییانە بۆ چیرۆکەکە، چونکە" دەتوانێت کۆتاییەکی سەرکەوتوو دروستبکات و ڕۆڵ دەگێڕێت لە وەرچەرخان و چرکەساتی یەکلاییبوونەوە و ڕۆشنبوونەوە لە نموونە باوەکان (مەئلووفەکان)دا."(البطاینة،2011،ص 225).

ئایرۆنی شێوە و شێوازی جۆراوجۆری هەیە و بەپێی ئاستی نووسەرەکانیش گۆڕانی تێدەکەوێت، بۆیە دەشێت لەم ڕووەوە پۆلێنی جیاوازی بۆ بکرێت و چەند جۆرێکی جیاوازی لێ جیابکرێتەوە، بەڵام ئەوەی بە فراوانی دەبینرێت زیاتر لە سنووری سێ جۆرە ئەوانیش ئایرۆنی وشەیی و ئایرۆنی درامی و بارودۆخن و ئەم دوو جۆرەی دواییان پێوەستن بە ئایرۆنی هەڵوێست و زیاتر لە ئایرۆنی وشەیی دەردەکەون.

1. **ئایرۆنی وشەیی:** ئەم جۆرە ئایرۆنییە وەکو لە ناوەکەی دەردەکەوێت زیاتر گرێدراوی وشە و ڕستەکانە و " ڕێگەیەکە لە ڕێگاکانی دەربڕین، کە واتای مەبەست پێچەوانەی واتای ڕواڵەتییە و ئەم جۆرە شێوازە کاتێك دێتەکایەوە، کە دال دوو دژیەکی لەخۆگرتبێت، یەکەمیان مەدلولێکی حەرفییانەی دیار و دووەمیان مەدلولێکی جێبەندییانە(سیاق)ی شاراوە و لێرەشدا ئایرۆنی لە خواستن و خوازە نزیك دەبێتەوە و هەموویان لەواقیعدا بونیاتێکیان هەیە، کە دوو دەلالەت لەخۆدەگرن."(عثمان،2016،ص 90). ئەم ئایرۆنییە زیاتر لەو دۆخانە دەردەکەوێت، کە زمانی کورتیلەچیرۆك زۆر لە زمانی شیعر نزیك دەکەوێتەوە.
2. **ئایرۆنی درامی:** ئەم جۆرە ئایرۆنییە، تەنیا وابەستەی وشە و ڕستەکان نییە، بەڵکو جۆرێکی گشتگیرترە و زیاتر لەسەر نەزانکردنی کەسایەتییەك، یا تاکێك بونیات دەنرێت، بەوەی، کە کەسەکە نەزان دەکرێت لەو ڕووداوانەی لە دەوروبەری دان، یان ئەو شتانەی، کە خەڵکانی دیکەی دەوروبەری دەیزانن و ئاگادارن ئەو لێی بێئاگایە. "ئایرۆنی درامی دەوەستێتە سەر دوالیزمی نێوان زانین و نەزانین و کەسایەتییەك دەکەوێتە ناو بازنەی نەزانین و ئەوەیتر لەناو بازنەی زانینە."(عبدالخلیفە،2004،ص 60) نووسەر لەم جۆرە ئایرۆنییەدا بەئەنقەست وا لە کارەکتەر دەکات، کە ئاگای لە کاروکردەوە سەرەکییەکانی خۆی، یا کەسانیتر نەبێت، یاخود هەولدەدات کارەکتەرێکی گێژ و گەمژە و نەزان بهێنێت و بیکاتە کاربەڕێکەری ڕووداوەکان و ئەو کارەکتەرە بە چەشنێك مامەڵە لەگەڵ شتەکان دەکات، کە پێچەوانەیە لەگەڵ لۆژیك، یاخود جاری وا هەیە، کارەکتەرەکە کەسێکی ئاساییە، بەڵام بەپەلە و بێ وردبوونەوە لە شتەکان بڕیارێك دەدات، کە دەبێتە هۆی دروستبوونی دوو دنیای دژیەك و پێچەوانە.
3. **ئایرۆنی بارودۆخ:** ئەم جۆرە ئایرۆنییە زیاتر گرێدراوی ڕووداو و کارەساتە. واتە ئەو جۆرە جیاوازی و دژیەکەیە، کە لەنێوان دوو هەڵوێست، یا بارودۆخدا دێتەکایەوە . بۆ نموونە لە بنەڕەتدا کارەکتەر وا خۆی نیشاندەدات، کە لە کارەکەیدا کارامە و سەرکەوتووە، کەچی لەڕاستیدا شتەکە پێچەوانەی ئەمەیە و لێرەدا خوێنەریش لە دەسپێکدا هەمان چاوەڕوانی

لە کارەکتەر هەیە، بەڵام لە کۆتاییدا ئەویش تووشی بێهیوابوون دەبێت و ئەم جۆرە ئایرۆنییە، هێندە دوور نییە لە ئایرۆنی درامی.

لە کورتیلەچیرۆکی کوردیدا مەزراندنی ئایرۆنی پانتاییەکی بەرچاوی داگیرکردووە و نووسەرانی کورد کەم تا زۆر هەوڵیانداوە بۆ چڕکردنەوەی زیاتری دەقەکانیان سوودی لێوەرگرن و زۆرترین ڕێژەی ئەو ئایرۆنییەشی، کە لە کورتیلەچیرۆکی کوردیدا دەرکەوتووە ئایرۆنی درامییە.

کورتیلەچیرۆکی(....)ی (ئاکۆ عەباسی) نموونەیەکی دیاری بەکارهێنانی ئەم ئامرازەیە:

" جگە لە خۆم و دایکم و قەبرهەڵکەنەکە و کوێرە مەلایەك کەسی دی نەهاتبوو.قەبرهەڵکەنی بەستەزمان هێند پێمەڕەی لێدابوو ئارەقە لە حەوت کونی ئەندامی دەچۆڕا.مەلاش لەبن خۆیەوە شتێکی بە عەڕەبی دەجوو.دایکیشم هەر تاو نا تاوێ کوڵی گریان دەیگرت و گیر دەبۆوە.لەناکاو پۆلێك بنیادەمی کۆك و پۆشتە و تەڕپۆش بە هاتوهاوار ڕژانە سەر قەبری بابم.هەر کەسەو بە هۆکارێك هاتبوو. هێندێك کۆچکردوو پێیان قەرزدار بوو و ئەوەشی دەبووە هۆی ئەوەی خەمەکەیان دووهێندە بێ و بێئەوەی بیانهەوێ لەپڕمەی گریانی بدەن، هێندێك ڕووداوی مەرگەکەیان بە هێندێك دەستێوەردانەوە بۆ جەماعەت دەگێڕاوە، هێندێکیش بەپێی بیروبڕوایان زۆر بە هاتنی مەلا قەڵس بوون و بە داڵێکیان دەشوبهاند بۆنی مردووی کردبێ، دەستەیەکیش بە نابەدڵی و بە هەڵکەوت لەگەڵ ئەو جەماعەتەکە کەوتبوون، بەڵام پێشیان خۆشبوو بۆ چەند ساتێکیش بێ بیر لە پووچی و سپڵەیی ئەو ژیانە بکەنەوە، لەگەڵ ئەوەش پەیـ تا پەیـ تا باوێشك بەربینگی پێ گرتبوون کە لەو مەجلیسەدا لە شانوشکۆی ئەوان نەدەوەشاوە و ناچاردەبوون زوو بە زوو دەستیان لە گیرفان بێتە دەرێ و باوێشکێکی پێ بشارنەوە. لەو قەرەباڵغەدا بوو دەنگێك لە دوورەوە هاواریکرد کاکە وەرنە ئێرە ئەوەیە قەبری ئاغا! هەمووو ئەو حەشیمەتە بە ئیزافەی مەلاکە ڕوویان کردە قەبرێکی دی".(عەبباسی،1395،ص 86-87).

لەم دەقەدا نووسەر دوو دیمەن لەگەڵ یەکتردا بەراورد دەکات، دیمەنی یەکەم ڕێوڕەسمی ناشتنی پیاوێکی هەژاری قەرزدارە و دیمەنی دووەم ڕێوڕەسمی ناشتنی پیاوێکی دەسەڵاتدارە، بەڵام بەراوردکردنەکەی نووسەر شێوەیەکی ڕاستەوخۆ لەخۆناگرێت و لە دەستپێکدا خوێنەر تووشی سەرسوڕمان دەکات بەوەی، کە چۆن دەشێت لە ڕێوڕەسمی خەڵکانێکی هەژار و بێدەسەڵاتدا ئاپۆرایەکی جەماوەریی وەها کۆببنەوە، تەنانەت خودی کەس و کاری مردووەکەش سەرسام دەبن بەوەی، کە ژمارەیەکی هێندە زۆری خەڵك بەشداری لەو ناشتنەدا بکەن و گومانی ئەوە دەبەن، کە خاوەن قەرزەکانی مردووەکە بن. نووسەر لەڕێی نەزانکردن و بێموبالاتی کۆمەڵە خەڵکێك دەستی بۆ بابەتێکی گرنگ بردووە ئەویش ئەو خەڵکانەن، کە تەنیا شوێن کەسانی دەوڵەمەند دەکەون و بە هیچ کڵۆجێك یار و یاوەری هەژاران نین، تەنانەت لە ساتی ناشتنیشدا ئەو جیاوازییەی نێوان هەژار و دەوڵەمەندەکان دەبینرێت. نووسەر بۆ بەلاڕێدابردنی سەرنجی خوێنەر بەشێکی زۆری وشە و دەربڕینەکانی دەخاتە خزمەتی دیمەنی یەکەم، کە ناشتنی پیاوە هەژارەکەیە و بەمەش خوێنەر فریودەخوات و وادەزانێت ڕووداوەکە تا کۆتایی لەسەر هەمان ڕیتم و ئاواز دەڕوات، بەڵام بەر لە کۆتایی هاتنی چیرۆکەکە جۆرە وەرچەرخان و بادانەوەیەك لە هەڵوێستی نووسەر دروست دەبێت ئەویش کاتێك کەسێکی هۆشیار، کە بە هەڵە لە بابەتەکە نەگەیشتووە و شوێن ئاپۆراکە نەکەوتووە و بە تەنیا لەسەر گۆڕی پیاوە دەوڵەمەندەکەیە هاوار لە خەڵکەکە دەکات و بانگیان دەکات بۆ سەر گۆڕی پیاوە دەسەڵاتدارەکە، تێکڕای خەڵکەکەش گوێڕایەڵ و ملکەچی ئەو کەسە دەبن و بە خودی مەلاشەوە بەمەش خوێنەر ڕادەچڵەکێت و هێدمەکەی کۆتایی پێدێت هەروەك خەڵکە نەزانەکەش بەئاگا دێنەوە و بەم بەئاگاهاتنەوەیەش دیمەنی دووەم دەستپێدەکات و ڕووداوەکەش لەسەر حیسابی دیمەنی یەکەم کۆتایی پێدێت و خوێنەریش دوای تەواوبوونی چیرۆکەکە هەست بەو پەیامە دەکات، کە نووسەر بەئەنقەست لە پشتی هەردوو دیمەنەکە شاردویەتییەوە و ئەوسا بواری بۆ دەڕەخسێت لێکدانەوەی جیاواز بۆ ئەو ئەنجامە بکات، کە پێیگەیشتووە.

کورتیلەچیرۆکی(تۆقین)ی (حەمەفەریق حەسەن) نموونەیەکی دیکەیە لە بەکارهێنانی ئایرۆنی:

"(فریام کەون مارێك لە شەرواڵەکەمدایە!) .

بێڵەکەی فڕێدا و یەك بەخۆی ئەم هاوارە ترسناکەی لێ هەڵسا.یەکپایش لەجێی خۆی هەڵدەبەزییەوە، نەیدەتوانی چلۆن لەم بەڵا لابەلاو کوتوپڕی وا یەخەگیری بووە خۆی دەرباز بکات. ئەو جووتەپێ هەڵدەبەزییەوە و هاوارەکەی لێ هەڵدەستایەوە. سێ چوار جووتیاری دراوسێ موڵکی بە دار و داس و خاکەنازەوە، بەهەڵەداوان بەدەنگییەوە هاتن. بەڵام ئەوان تیامابوون، نەیاندەزانی چلۆن مامەڵە لەتەك دۆخێکی وەها هەستیاردا بکەن. ئەو لێکدا لێکدا دەیقیژاند و لێو پەڵە تەماتەکەی خۆیدا بەئاسماندا دەچوو، لە هەناسەیەکدا، دەنگی کەوت.لە پەستا قەفی ئەستوری مارێکی سارد و سڕ بەر ڕانەکانی دەکەوت. چەند غیرەتی دایە بەرخۆی هێشتا

هەر نەیوێرا لەسەر شەرواڵەکەیەوە دەست بۆ قەفی مارەکە ببات، نەبادا پێوەی بدات، یان هەر هیچ نەبێت شەرواڵەکەی دابکەنێت.جووتیارەکانی چواردەوریشی بەیەکدادەهاتن و هیچیان لەدەست نەدەهات، تا ڕەنگپەڕیو و پشوسوار توانای لێبڕا و لەجێی خۆیدا وشك وەستا. لەو دەمەدا بەڕووله ترۆزییەك لە دەرلینگی شەرواڵەکەیەوە بەربووەوە سەر زەوی، کە تاوێك پێشتر خۆی ڕنیبووی و بە بەر پشتوێنەکەیدا کردبوو."(حەسەن،2014،ل 77).

نووسەر لەڕێگەی هێنانی کارەکتەرێکی گێژ و نەزان ئایرۆنییەکەی دروستکردووە و لە دەستپێکدا سەرنجی خوێنەر بۆ گرنگی ڕووداوەکە ڕادەکێشێت، کە بوونی مارێکە لەناو شەرواڵی کەسێکدا و دواتریش لەڕێگەی وەسفەوە پلە بە پلە لەو بارودۆخانە ئاگاداریدەکاتەوە، کە کارەکتەرەکە تێیکەوتووە و تێکڕای بارودۆخەکانیش سەلمێنەری ئەوەن، کە مارێك لەناو شەرواڵی جوتیارەکە خۆی قەفکردووە و لەمەشدا نووسەر بەمەبەست شوێنێکی هەستیاری هەڵبژاردووە تا زوو شتەکە ئاشکرا نەبێت و چواردەوری کەسەکەش نەتوانن شتێك بکەن و دەستەوەستان بن و هەموو ئەمانەش وادەکەن خوێنەر فریو بخوات و هەست بەوە نەکات، کە کارەکتەری ناو ڕووداوەکە کەسێکە شتە سەرەکییەکەی بیرچۆتەوە، بۆیە خوێنەر هاوتەریب لەگەڵ کارەکتەرەکە دەڕوات و ناتوانێت هیچ جۆرە لێکدانەوەیەکی جیا لەوەی هەبێت، کە کارەکتەرەکە تێیدایە، بەڵام دوای ئەوەی کارەکتەر شەکەت دەبێت و دەوەستێت و کرۆکی مەسەلەکە ڕوون دەبێتەوە ڕاستەوخۆ خوێنەر بەئاگادێتەوە و پەی بەو گەمەیە دەبات، کە نووسەر بەئەنقەست لەڕێی ئەو کارەکتەرە بێئاگایەوە لەگەڵی کردووە و ئەو گریمانەی خوێنەریش، کە بەپێی ڕێنمایی و دراوەکانی نووسەر لەسەرەتادا تاوەکو بەر لە کۆتایی هاتنی چیرۆکەکە بۆ ڕووداوەکەی کردووە بەوەی دەشێت ئەو مارە بەو کەسە بدات و بیکوژێت، یاخود بەجۆرێك لە جۆرەکان لەو کارەساتە دەربازی ببێت دەبێتە بڵقی سەرئاو، چونکە لە ئەنجامدا ئەوەی دەردەکەوێت ئەوەیە، کە مارێك لەئارادا نییە و ئەوەی هەیە تەرۆزییەکی لوولخواردووە، کە ماوەیەك پێش ئەوە کارەکتەر ڕنیویەتی و دواتر ئاگای لێنەماوە و کەوتۆتە ناو شەرواڵەکەیەوە.

خوێنەر لەڕێی ئەو وەرچەرخانەی لە کۆتایی کورتیلەچیرۆکەکەدا دەردەکەوێت هەست بەوە دەکات، کە تێکڕای ڕووداوی یەکەم شتێکی ساختە و دروستکراوە و هیچ حەقیقەتێکی لەدواوە نییە و ڕووداوی دووەم، کە ڕووداوە حەقیقیەکەیە لەڕێی ڕووداوی یەکەمەوە پەردەپۆشکراوە، جگە لەمەش خوێنەر تا ڕاددەی ئەوەی کە پێکەنینی بە خۆی بێت سەیری لەوە دێت، کە چۆن هەستی بەوە نەکردووە حەقیقەتەکەی لێشوێنراوە و نەیتوانیووە لە سەرەتادا درك بەو ڕاستییە بکات.

نووسەر لەڕێی ئایرۆنییەکی لەم جۆرە جۆرە جادوێکی لە چاوەکانی خوێنەر کردووە و هەوڵیداوە خوێنەر بە شێوەیەك لە شێوەکان وابەستەی خۆی بکات و نەتوانێت بەبێ ئەو هەست بە ڕاستییەکان بکات و پێ بە پێ لەگەڵ ئەو ڕستانە بڕوات، کە ئەو دەیخاتە بەردەمی و مەستی بکات تاوەکو دەگاتە کۆتایی نەتوانێت شتەکان هەڵبهێنجێت. ئەم جادووە گرنگییەکەی لەوەدایە، کە وا لە خوێنەر دەکات هەر زوو نەزانێت چی ڕوودەدات، تەنیا ئەوە بزانێت، کە چی ڕوویداوە و بۆ ئەوەش نووسەر هەر لە دەسپێکدا سەرنجی بۆ ڕستەی(فریام کەون مارێك لە شەرواڵەکەمدایە!)ڕادەکێشێت ئیتر خوێنەر تێکڕای هۆش و سەرنجی دەخاتە سەر ئەمە و بێئاگا دەبێت لە هەر جۆرە لێکدانەوەیەکی دیکە بۆ بابەتەکە و هاوشانی کارەکتەرە نەزانەکە دەڕوات تا لە کۆتاییدا لەگەڵ یەکتریدا بەئاگا دێنەوە.

کورتیلەچیرۆکی(شوفێر)ی(سابیر ڕەشید) یەکێکی دیکەیە لەو چیرۆکانەی بونیاتەکەی لەسەر ئایرۆنی دامەزراوە:

" شوفێری تاکسییەکە لەبەرئەوەی زۆر پیاوێکی بەخشندە و میهرەبان بوو. لە بەردەم دوو پیاو و ژنێك وەستا..بەچوار دەستە ژنەیان خستە ناو ماشێنەکە و داوایان لێ کرد بیانبات بۆ نەخۆشخانە، بەڵام کە گەیشتنە شوێنێکی لابەلا یەکێکیان لەو دوو کەسە دەمانچەکەی خستە کار، ژنەکەش وازی لە تەمسیلکردن هێنا و بە هەرسێکیان کابرایان لە پەلوپۆ خست. شوفێری بەستەزمان بەجۆرێك خۆی دیتەوە بێ ئۆتۆمبێل بێ پارە بێ چارە سەرگەردان و ماڵوێران."(ڕەشید،2008،ل 177)

نووسەر لەڕێگەی هێنانی کارەکتەرێکی دڵپاك و ساویلکەوە هەوڵیداوە ئایرۆنییەکە لەنێوان دوو دیمەن دروستبکات دیمەنی یەکەمیان بارودۆخی ژنێکە، کە باری تەندروستی ناجێگیرە و دوو پیاو دەیانەویت بیگەیەننە نەخۆشخانە، ئەوەیتریان چەند دزێکن لەڕێگەی نمایشکردنەوە هەوڵدەدەن دەست بەسەر ماڵ و سامانی کەسێکی کاسبکار و دڵپاکدا بگرن، یەکەمیان ڕووداوێکی ساختەکارانەیە و دووەمیان ڕووداوە ڕاستەقینەکەیە، بەڵام ڕووداوی دووەمیان لەسەر حیسابی ئەوەی یەکەم کۆتایی پێدێت، چونکە ئەگەر ڕووداوی یەکەم نەبێت، ئەوەی دووەم ڕوونادات و لەم جۆرە ئایرۆنییەدا کارەکتەر باجی ساویلکەیی خۆی دەدات و مرۆڤێکە ڕووبەڕووی بارودۆخێك دەبێتەوە ناتوانێت خۆی لێ لابدات، چونکە لایەنە مرۆڤایەتییەکەی ئەوەی لێ داوا دەکات و بەریەککەوتنی ئەم دوو دیوەش لە هزری خوێنەردا جۆرە لێکدانەوەیەکی وەها دروستدەکات، کە دەشێت ساویلکەیی و دڵپاکی و

ئەنجامی کاری باش خراپەی لێبکەوێتەوە و ئەمەش زیاتر مەبەستی نووسەرە، چونکە لە کۆی دەقەکە تەنیا چەند ڕستەیەکی کەمی سەرەتای وابەستەیە بە بەخشندەیی و میهرەبانی کارەکتەرەکەوە و ئەوانیتر پێکڕا گرێدراوی حەقیقەتە تاڵەکەی کارەکتەرەکانی ناو چیرۆکەکەن و لەمەشدا نووسەر وەك ئەوانەی پێشوو نەیویستووە تا کۆتایی چیرۆکەکە خوێنەر لە بارودۆخێکی نەزانیدا بهێڵێتەوە و هەر زوو لەدوای وشەی (بەڵام)ەوە دیوی دووەمی ڕووداوەکەی بە خوێنەر گەیاندووە.

کورتیلەچیرۆکی(کابرایەکی سوروسپی)ی(تێکۆشەر خالید)یش نموونەیەکی دیکەی ئایرۆنی نیشاندەدات.

" پێکەکەی دانا و دەستی بە جنێودان کرد، ساقییەکە بە پاڵ کردییە دەرەوە. کابرای مەست خۆشحاڵ بوو لەوەی ئابرووی خۆی کڕییەوە و کەس نەیزانی، کە پارەی پێنییە."(خالید،2013،ل 48).

نووسەر سوودی لە کارەکتەرێکی مەستی بەئاگا وەرگرتووە بۆ بونیاتنانی جۆرە دژیەکییەك و شاردنەوەی ڕووداوە سەرەکییەکە. ئەم کارەکتەرە ورییە بەوەی دەیکات و لەبەرچاوی خوێنەر و ئەوانی دیکە وەکو کەسێك دەردەکەوێت، کە هۆشی لەدەستداوە و توانای نییە بەسەر ئاوەزی زاڵ بێت، بەڵام لە واقیعدا پێچەوانەی ئەمەیە و ئەوەی دەیکاتە جۆرێکە لە نواندن بەمەش خوێنەر هاوشێوەی ساقییەکە و ئەوانیتر فریو دەخوات و ناتوانێت پەی بەو شتە ببات، کە نووسەر چیرۆکەکەی لەسەر هەڵچنیوە، بە واتایەکی دیکە لەڕێگەی کردەوەی سەرەتای ئەو کارەکتەرەوە کردارە سەرەکییەکە شوێنبزر دەکرێت و جۆرە هەڵخەڵەتاندنێك دێتەکایەوە، کە تا وشەی کۆتایی بەردەوامی دەبێت، بەڵام هەر کە نووسەر نەستی کارەکتەرەکەی ئاشکرا دەکات، ئەوا خوێنەر هوشیار دەبێتەوە و هەستدەکات ڕووداوی یەکەم بۆ شاردنەوەی ڕووداوی دووەم کاری لەسەر کراوە.

نووسەر لەڕێی ئایرۆنییەوە دوو جۆرە جیهانی بۆ دەقەکەی دروستکردووە و مەبەستی سەرەکیشی ئاشکراکردنی جیهانی دووەمە لەڕێی جیهانی یەکەمەوە، جیهانی یەکەم جیهانێکی ڕواڵەتی و ڕووکەش و ئاشکرایە و هەموو کەسێك لێی تێدەگات، کە لەڕێ دەربڕینەکانی سەرەتاوە خۆی بەرجەستە دەکات و هەمووان بەلارێدادەبات، هەرچی جیهانی دووەمە جیهانە قووڵ و شاراوەکەیە و جیهانێکی پەردەپۆشکراو و دەورەدراوە بە شتگەلێکی ساختە و ناڕاستی و لەسەر ئەژماری جیهانی یەکەم کۆتایی پێدێت و لەڕێگەی دەربڕینێکی کەمی کۆتاییەوە خۆی بەرجەستەدەکات و قورسایی دەقەکەی دەکەوێتەسەر و هەموو وشە و ڕستەکانی دیکە پووچەڵ دەکاتەوە، چونکە واتاکەی ڕێك دژ دەوەستێت لەگەڵ واتای یەکەم .

نووسەر شارەزایانە خوێنەری بەرەو کۆتایی چیرۆکەکە بردووە و هەوڵیداوە هیچ شتێکی پێنەڵێت و سەرکەوتوویی لەوەدا دەردەکەوێت، کە لە ئەنجامدا خوێنەر کاتێك شتەکانی بۆ ڕووندەبێتەوە تێدەگات، کە ئەو یاری لەگەڵ کراوە و بەمەش چێژ وەردەگرێت و جۆرە پێکەنین و خەندەیەکی بۆ دروست دەبێت.

یەکێکی دیکە لە نموونەکانی بەکارهێنانی ئایرۆنی کورتیلەچیرۆکی(هەڵەیەك هەیە)ی(هێمن بەرزنجی)یە:

"دوای ئەوەی لەسەر قەرزداری دەست و قاچیان شکاندبوو، پیاوەکە لەسەر قەرەوێڵەی نەخۆشخانەکە ڕاکشابوو.هەموو دەڵێن: چۆن دەبێت دەوڵەمەندێکی وا هەم ئیفلاس بکات هەم قەرزدار بێت هەم لەسەر نەدانەوەی قەرزەکە لێیبدەن؟ پیاوەکە چاوەکانی بەکزی هەڵبڕی و بە دەنگێکی نووساوەوە گوتی: ببوورن هەڵەیەك هەیە. نەخۆشەکەی بەرانبەری کە تازە نەشتەرگەری بۆ کرابوو، گوتی: بەڵێ، بەڵێ هەڵەیەك هەیە. ژنە فەرمانبەرەکە کە پەڕۆیەکی تەڕی لە دارێکی درێژەوە ئالاندبوو و کاشییەکانی پاکدەکردەوە گوتی: ئۆی!ئەم پیاوە ڕەشید دەوڵەت نییە؟پیاوە دەست و قاچ شکاوەکە خەنییەوە، گوتی: بەڵێ وەك ئەوەی ئێوەش باوەڕتان وایە هەڵەیەك هەیە. پاش کەمێك ڕەشید بەگ خۆیکرد بەژووردا و گوتی:ئۆی براکەم، ئەوە چەندەمین جارە لەجیاتی من لەتۆ دەدەن!هەموان پێکەنین و گوتیان: خۆ ئێرە دوو ڕەشیدبەگی لێیە!!"(بەرزنجی،2015،ل 43).

نووسەر لەڕێگەی هێنانی دوو کارەکتەری هاوناوەوە هەوڵیداوە دوو بابەتی دژبەیەك دروست بکات، یەکێکیان ڕەشیدبەگێکی دەوڵەمەند و ئەوەیتریان ڕەشیدبەگێکی هەژار و دەستکورت و ڕەشیدبەگی هەژار بەهۆی ئەوەی هاوناوە لەگەڵ ڕەشیدبەگی دەوڵەمەند دووجار تووشی کێشە بۆتەوە و لەسەر سەرەڕۆیی و کارە خراپەکانی ڕەشیدبەگی دەوڵەمەند تێیهەڵدراوە و تووشی نەخۆشخانە بووە، بەڵام هیچ کەسێك باوەڕ بەوە ناکات، کە دەوڵەمەندێکی وەها لەسەر قەرزاری لێبدرێ و بکەوێتە نەخۆشخانەوە و مایەپووچ بێت، ئەمە ئەو پنتەیە، کە کارەکتەرەکانی دەوروبەری تووشی سەرسوڕمانی دەکات و تەنیا بیریان بۆ نەگونجانی ئەو کارە دەچێت و هەرچەندە ڕەشیدبەگی هەژار چەند ئاماژەیەکی وا دەردەبڕێت، کە دەبێت هەڵەیەك لەو کارە هەبێت و ئەوانیش بڕوای پێدەکەن، بەڵام بۆ ئەوە ناچن، کە ئەمە ڕەشیدبەگی دەوڵەمەند نەبێت، بەڵکو وا هەستدەکەن بە هەڵە لێیدراوە و خودی ڕەشیدبەگی دەوڵەتە نەوەك کەسێکی دیکە و ئەو هیواهەڵچنیانە و بەهەڵڕۆیشتنە بەردەوام دەبێت تاوەکو لەناکاو ڕەشیدبەگی ڕاستەقینە دێت و ئەسڵی ڕووداوەکە ئاشکرا دەکات و هەموویان بۆیان دەردەکەوێت، کە ئەم دوو کەسە هاوناون و

هەژارەکە لەبری دەوڵەمەندە لێدراوە و کەوتۆتە نەخۆشخانەوە و چەندین جاری دیکەش بەهۆی ئەو هەڵە تێگەیشتنەوە تووشی دارکاری و تێهەڵدان بۆتەوە. ئەم جۆرە گەمەیەی نووسەر کردوویەتی بووەتە هۆی بەرهەمهێنانی جۆرە تەنزێك و ئەو تەنزەش چێژێکی زۆری بە چیرۆکەکە بەخشیووە، جگە لەمەش نووسەر لەڕێگەی تێکەڵاوکردنی دوو کارەکتەری دژیەك و جیا لەیەك، کە جگە لە هاوشێوەیی ناوەکانیان هیچ شتێك بەیەکەوەیان نابەستێتەوە دەست بۆ بابەتێکی گرنگی شاراوە دەبات، ئەویش خستنەڕووی جیاوازی نێوان هەژار و دەوڵەمەندەکانە، کە لەمەدا پتر مەرامی بەرجەستەکردنی زیاتری چەرمەسەری و ئازاری کەسانی پەراوێزخراو و کەمدەرامەتە و لە هەندێك باردا هەموو شتێك تەنانەت ناوەکانیش دەبنە مایەی ناڕەحەتی و چەرمەسەری بۆیان.

نووسەر لەڕێگەی ئایرۆنییەوە ئەو دوو ئاراستەیەی ئاوێتەی یەکتر کردووە و هەوڵیداوە قورسایی و سەنگی یەکێکیان لەسەر شانی ئەوەیتریان باربکات و خوێنەریش هیچ هەستێك بەمە ناکات و نازانێت ئەوەی دەگوزەرێت بابەتە ڕاستەقینەکە نییە، بەڵکو ڕووکەشی ڕووداوەکە هێندە هونەریانە خراوەتەبەر چاوی ناتوانێت لێی دووربکەوێتەوە تا ئانوساتی دەرکەوتنی کارەکتەری دووەم و ئاشکراکردنی ڕاستییەکان ڕایدەچڵەکێنن و ئەوسا هەستدەکات چی ڕوویداوە.

لە کورتیلەچیرۆکی(خۆنەدیتن)ی(قانع خورشید)دا نووسەر بۆ دروستکردنی ئایرۆنییەکەی سوود لە بارودۆخی عەقڵی کارەکتەرەکان وەردەگرێت:

"پێنج برادەری تێگەییوو زانکۆدیتوو بوون، پێکەوە جادەیان دەپێوا و لەدەرێ پیاسەیان دەکرد. وەختێك چاویان بە حەشامەتی خەڵکی کەوت، بەیەکیان گوت: ئەو خەڵکە چەند ناحاڵین! چەندە نابالغ و گێلن! چما ئاگایان لێنییە لەبەر پەتا و مەترسی تەشەنەکردنی، دەرچوون لە ماڵ ڕاگیراوە و دەوڵەت هاتوچۆی یاساغ کردووە؟!"(خورشید،2021،ل33).

ئەم دەقە دوو جیهانی دژیەك و جیاوازی لە ئامێزی خۆیدا کۆکردۆتەوە. جیهانێك، کە کارەکتەرەکانی کەسانێکی ڕۆشنبیر و بەئاگا و دونیادیدەن و کەسانێکن زانکۆیان تەواوکردووە و خەڵکانی ڕەشۆك و ئاسایی کۆمەڵگا نین. جیهانەکەیتر خەڵکانی ڕەشۆك و ئاسایی و ڕەنگە چینی نەخوێندەوار و کاسبکاری کۆمەڵ بن و هەردوو لایەنەکەش لە خاڵێکدا یەکدەگرنەوە، کە چوونەدەرەوەیە لەکاتی بڵاوبوونەوەی پەتا و تاعوون، کە بە هەموو شێوەیەك دەوڵەت چوونەدەرەوەی لێیان قەدەغەکردووە و ئەوەی ئایرۆنییەکەی دروستکردووە ئەوەیە، کە کەسە ڕۆشنبیر و چاوکراوەکەی کۆمەڵگا تەنیا دەتوانن عەیبە و کێماسی چینەکەی بەرامبەریان ببین و بێئاگان لە کارودکردەوەکانی خۆیان، بەپێی لۆژیك دەبوو ئەو چینە هەموو کاتێك پابەندی ڕێنماییەکان بن، بەڵام نەك هەر پابەند و گوێڕایەڵ نین بگرە هەوڵدەدەن ڕەخنە لە کەسانیتریش بگرن، بە واتایەکی دیکە ئەو چینە ناتوانن خۆیان ببینن و تەنیا چاویان لەئاست کەموکوڕی کەسانی دیکە کراوەتەوە و نووسەر لەڕێگەی بێئاگاکردنی ئەم چینە جۆرە سەرسوڕمانییەکی لای خوێنەر دروستکردووە و خوێنەر لە خوێندنەوەی بەشی یەکەمی دەقەکە، کە زیاتر وابەستەیە بە چینی ڕۆشنبیران تووشی هیچ جۆرە ڕامانێك نابێت و بە شتێکی ئاسایی وەریدەگرێت، بەڵام کاتێك ڕووبەڕووی بەشی دووەمی دەقەکە دەبێتەوە و هەست دەکات ئەوان ڕەخنە لە کەسانیتر دەگرن و خۆیان نابینن تووشی جۆرێك لە بیرکردنەوە و هەزرین دەبێت و هەستدەکات جۆرێك لە دژوازی لەنێوان کاروکردەوەی کارەکتەرەکانی چینە ڕۆشنبیرەکە هەیە و ئەوان کەسانێکن تەنیا بە ڕواڵەت خوێندەوار و ڕۆشنبیرن، ئەوەك بە واتای ڕاستەقینەی وشەکە، چونکە ڕەخنەگرتنی ئەم چینە و جنێوبارانکردن و بەگەمژەدانانی چینەکەیتر لەلایان لەسەر بابەتێك، کە خۆشیان وەك ئەوان تێیدا بەشدارن هیچ نییە، جگە لە گەمژەیی و نا هۆشیاری خۆیان.

هەندێکجار لە دروستبوونی ئایرۆنیدا چارەنووس ڕۆڵێکی بەرچاو و کاریگەری دەبێت وەك ئەوەی لە کورتیلەچیرۆکی(هەڵە)ی(سابیر ڕەشید)دا دەبینرێت:

" بەناو قەرەباڵغی خەڵکەکەدا دەڕۆیشت، لەناکاو گوللەیەك پێکای و خڵتانی خوێن بوو. بە هەڵە ئەوی گرتەوە. ئەوە کابرایەك بوو ویستی دوژمنەکەی خۆی بکوژێت، بەڵام ئەو بوو بەو نێچیرە و نانی سەر دەستەکانی و خوێنی ناو لەشی و خۆڵی سەر شۆستەکە هەمووی تێکەڵی یەکتری بوون."(ڕەشید،2008،ل 176).

ئەو ئایرۆنییەی لەم چیرۆکەدا هەیە لە ئەنجامی گەمژەیی کارەکتەرێکەوە، یاخود لە ئەنجامی خۆبەگەورەزانی و لوتبەرزی کەسێکەوە دروستنەبووە، بەڵکو چارەنووس ڕۆڵی تێدا گێڕاوە. نووسەر کارەکتەرێکی بێوەی هێناوە و لەبەرامبەر ئەمەشدا کارەکتەرێکی شەڕانگێز و تۆڵەستێن دەبینرێت و کەسی قوربانی باجی تاوانەکەی نادات، چونکە هیچ تاوانێکی نەکردووە، بەڵکو باجی تاوانی کەسێکی دیکە دەدات، کە مرۆڤێکی کوشتووە، یا تاوانێکی دیکەی کردووە و ئەو بەهەڵە لەبری کەسەکە دەکوژرێتەوە.

خوێنەر لە ساتی خوێندنەوە و تەواوکردنی چیرۆکەکە ئەوەی بیری لێدەکاتەوە ئەوەیە، کە نەدەکرا کارەکە بەم شێوەیە کۆتایی پێبێت، هەستدەکات ئەو کەسەی کوژراوە هیچ هەڵە و تاوانێکی نەبووە و بکوژیش مەبەستی نەبووە کەسێکی لەم جۆرە بکوژێت،

بەڵام چارەنووس یاری بە گیانی هەردووكیان كردووە و دژیەكەكەش لەوەدا خۆی نیشان دەدات، كە دەبووایە كەسی ڕاستەقینەی بكوژ باجی هەڵە و تاوانەكەی بدابووایەوە و لەجیاتی ئەو كەسەی كە كوشتوویەتی بكوژرێتەوە، نەوەك كەسێكی بێتاوان، بەم جۆرە دژیەكەكە لەنێوان بكوژی ڕاستەقینە و كوژراوی بەهەڵە لەلایەك و لەلایەكیتریش لەنێوان بكوژی ڕاستەقینە و بكوژی پیاوە بێتاوانەكە دایە.

لە هەندێك باردا نووسەر بۆ بەدیهاتنی ئایرۆنی پەنا بۆ كارەكتەرێكی درۆزن دەبات بە نموونە لە چیرۆكی(مردنی ژمارە 45)ی(تێكۆشەر خالید)دا سوود لە كەسایەتییەكی لەم چەشنە وەرگیراوە:

"كچەكە پێنج دەنك حەبی خوارد.

خۆشەویستەكەی، كە ئەم هەواڵەی بیست خۆی كوشت.

(ببورن، كچەكە بە درۆوە، بە خۆشەویستەكەی گوتبوو: پێنج دەنك حەبم خواردووە)"(خالید،2013،ل 89).

نووسەر لەم دەقەكەدا دوو ڕووداو دەخاتەڕوو: یەكێكیان تۆران و زیزبوونی دوو دڵدارە و خواردنی چەند دەنكە حەبێكە لەلایەن یەكێكیان تاوەكو ئەوەیتریان لەگەڵی ئاشت بێتەوە، ئەوەیتریان مردنی كەسێكە. ڕووداوی یەكەمیان لەلایەن كارەكتەرێكی زانا و درۆزن و فێڵبازەوە بۆ مەبەستێكی تایبەت ئەنجام دەدرێت و هی دووەم لەلایەن كارەكتەرێكی نەزان و خۆشباوەڕ و بەوەفاوە دەكرێت و بەجۆرێك لە جۆرەكان ڕووداوی یەكەم هۆكارە بۆ ڕوودانی یەكەم و هەردوو ڕووداوەكەش دژ و پێچەوانەی یەكتر دەوەستنەوە و لە بەراییدا خوێنەر جۆرێك لە هاوسۆزی و هاوخەمی بۆ كارەكتەرەكان پیشاندەدات، چونكە نووسەر دوو ڕستە دەهێنێتەوە، كە تاڕادەیەك هاوسەنگن(خواردنی حەب لەلایەن كچەكەوە و خۆكوشتنی كوڕەكە) و هەردوو ڕستەكە ئەوەی لا دەوروژێنن، كە ڕاددەی وەفا و خۆشویستنی نێوان ئەم دوانە لێك نزیكە، بەڵام كە نووسەر ڕستەی كۆتایی دەردەبڕێت ئەوسا بۆی ڕووندەبێتەوە، كە ئەویش وەكو كوڕەكە لە هەڵەیەكی گەورەدا بووە و ئەو بورجەی هەڵیچنیووە لە بناغەوە دەڕووخێت و واتاكان بەراواژ دەبنەوە و لەوێشەوە واتایەكی دیكەی جیا لەمە هۆش و هزری دەتەنێتەوە و ناچار بە ڕامان و ئەبڵەقبوونی دەكات.

گوتمان جۆرێكی ئایرۆنی ئەوەیە، كە نووسەر لەڕێگەی هێنانی كەسایەتییەكی لەخۆبایی و لوتبەرز دێتەكایەوە، كە وا هەست دەكات هەموو شتەكان دەزانێت و لەڕاستیشدا وانییە. نموونەی ئەمە لە كورتیلەچیرۆكی(غەفڵەت)ی(قانع خورشید)دا دەبینرێت:

"یەك دوو مەلا و ئامۆژگاریكاری بردەوە ماڵ، لە بەردەرگا پێیانی گوت: خێرتان دەگات كە هاتنە ماڵ، باسی فڵانە ڕەوشتی خراپ بكەن، ژنەكەم ئەو سیفەتەی تێدایە و ئومێدم هەیە قسەی ئێوە كاری تێبكات.ئەوانیش گوتیان بەچاوان. كە چوونە ماڵ، سەری بابەتیان كردەوە و چەندی بڵێیت ئایەت و حەدیسیان بۆ خوێند، كە تەواو بوون، ژنە گوتی: بەو خوایە قسەكانتان یەكجار جوان بوون، خۆزگە ئەو ژنەی هاوسێمان لێرە بایە، خوا دەیزانێت ڕێك دەڵێیت باسی ئەوتان دەكرد!"(خورشید،2021،ل 27).

نووسەر لە دەقەكەیدا هەوڵیداوە خوێنەر پێی بە پێی لەگەڵ ڕووداوەكانی چیرۆكەكەی ببات و خوێنەریش وەكو شوێنكەوتەیەك شوێنی نووسەر دەكەوێت و هیچ كاتێك هەست بەوە ناكات، كە نووسەر كاتێك دەگاتە قەراغی بەرزاییەكە دەستی خوێنەر بەردەدات ، بەڵكو بیرێكی وا لای دروست دەبێت، كە جۆرە چاكسازییەك لەو كردەوەی كارەكتەری سەرەكی چیرۆكەكەدا بكات، بەڵام پێچەوانەی ئەمە ڕوودەدات و ئەو كارەكتەرە خۆبەگەورەزان و لوتبەرزە، نەك هیچ گۆڕانێكی تێدا ڕوونادات، بگرە ئامۆژگاریكەرانی دەوروبەریشی تووشی نائومێدی دەبن و هێدمە دەیانگرێت، چونكە دەزانن هەموو ئەوانەی كردوویانە هیچ سوودێكی نەبووە و ئامۆژگاریكراو هەڵە و كەموكوڕی خۆی دەخاتە سەر شانی یەكێكی دیكە و خۆی نەزان و نەبان دەكات لەو سیفەتەی، كە تێیدایە و بەمەش خوێنەر هاوتا لەگەڵ ئەو كارەكتەرانەی ئاگادارن لە مەسەلە ڕاستەقینەكە دێنەوە خاڵی سفر، چونكە هۆشیان بەرەو دیمەنێك دەبردرێت، كە دوورە لە بابەتی سەرەكی و نیازەكەیان.

هەندێكجار ئایرۆنی لە كورتیلەچیرۆكدا بە هێنانی كارەكتەرێك دروست دەبێت، كە كێشەیەكی جەستەیی (بایۆلۆژی) هەیە و نموونەی ئەوە لە كورتیلەچیرۆكی(لاڵ)ی (عەبدوڵڵا سەراج)دا دەبینرێت:

"سەربردەی دە ساڵی زیندانی خۆمت بەچەند دێڕێك بۆ خەستدەكەمەوە. بڕوا بكە، هەر بۆ ئەوەی قسەم لەبیرنەچێتەوە و لاڵ نەبم، لەگەڵ خۆما دەدوام و گۆرانیم دەچڕی، لاوك و هۆرە، حەیران و قەتار و خاوكەر. چی بهاتبایە سەر زارم نامگێڕایەوە. بگرە لە خۆمیشەوە وشەم بۆ دەهۆندەوە و دەمهاوێشتەسەر. دە ساڵی تاریكی و نسرمی، مەگەر بەدەم ئاسان بێت. ڕۆژێك بڕیارمدا توند مەچەكی ئەو زەلامە بگرم، كە ژەمە خواردنەكانی، لە كەلەبەری ژێر دەرگاكەوە بۆم درێژ دەكرد. دەزانی بۆ؟ تەنیا بۆ ئەوەی بیدوێنم، یان هەرنەبێ وشەیەك هەڵوەرێنێ. تەنانەت بە جنێویش قایل بووم، كەچی بڵمە بڵم و دەنگێكی لاڵە پەتێیانەی لێوە هات!!

لەمەڕ ئەو دەستدرێژییەم ،بەرپرسیار کرام.دەزانم...دەزانم ، هەڵوێستی ئاوها،باجدانی گەرەکە.ئەڵبەتە بەلامەوە شایانی سەرسوڕمان نەبوو، کە سزام ئەوە بێت، سێ ژەمەکەم بکرێت بە دوو ژەم، بەڵکو لەوە سەرسام بووم، کە کابرای ژەمگێڕ بەڕاستی لاڵ بوو!ها.ها.ها."(سەڕاج،2007،ل 347).

نووسەر لە ڕێگەی هێنانی کەسێکی زیندانیکراوەوە چیرۆکی ژینگەی بێدەنگ و کشوماتی زیندانێك دەگێڕێتەوە، کە کپییەکی ڕەها باڵی بەسەردا کێشاوە و کارەکتەرەکەی وەڕز بووە لەو جۆرە بارودۆخە و بە هەر جۆرێك بێت هەوڵدەدات ئەو بێدەنگییە بشکێنێت و ئەو کاردانەوانەی، کە دەیکات لەپێناوی ئەوەیە تۆزێك لە ئازار و ناخۆشی ئەو بێدەنگییە کەمبکاتەوە و ئەمە یەکەمین هەوڵی نووسەرە، کە بۆ بەلاڕێدابردنی خوێنەر کردوویەتی و خوێنەر بەو پێشگریمانانەی، کە دەیکات وا دەزانێت ئەو زیندانییە بەهۆی ئەوەی هیچ دەرچەیەکی ڕزگاربوونی نییە دواجار بەرەو لاڵ بوون دەڕوات، یاخود بەهۆی ئەو دەستدرێژییەی، کە دەیکاتە سەر کارمەندێکی زیندانەکە سزای ئەوە بێت، کە لاڵ بکرێت، یاخود لایەنی کارگێڕی بەندیخانەکە ئەو بڕیارەی داوە، کە بە هیچ چەشنێك قسە لەگەڵ ئەو زیندانییە نەکرێت، کەچی لە بەشی کۆتایی کورتیلەچیرۆکەکە ئەو پێشبینیانەی نایەنەدی و هیچ یەکێك لەو بۆچوونانەی، کە گریمانەی کردووە ڕاست دەرناچن، بەڵکو واقیعێکی پێچەوانەی ئەمانە دێتە بەردەمی ئەویش ئەوەیە، کە لە ئەزەلدا ئەو کەسەی، کە ژەمە خۆراکەکان بۆ زیندانییەکە دێنێت لاڵە و ناتوانێت قسە بکات. لێرەدا خوێنەر زیاتر بەهۆی نەزانی کارەکتەری سەرەکی چیرۆکەکە تووشی بەهەڵەداچوون دێت، چونکە کارەکتەریش وەکو خوێنەر تاوەکو کۆتایی چیرۆکەکە نازانێت ژەمگێڕەکە لاڵە و وا هەستدەکات بەئەنقەست قسەیان لێ قەدەغەکردووە. نووسەر لەم چیرۆکەدا بە پشتبەستن بە کارەکتەرێکی لەم چەشنە توانیوویەتی ئایرۆنییەکی وەها بسازێنێت، کە دواجار پێکەنین و تەنزی لێبکەوێتەوە بە تایبەتیش بە هێنانی ئاماژەکانی پێکەنین(ها.ها.ها) زیاتر توانیوویەتی ئەم تەنزە بسەپێنێت، جگە لەمەش خوێنەری سەرقاڵکردووە بەوەی، کە تا کۆتایی لەگەڵ چیرۆکەکە بڕوات و تێکڕای پێشبینی و گریمانەکانی لەناوبچن.

### 4.ئەنجام

1. ئایرۆنی کەرەستەیەکی بنەڕەتییە لە چڕکردنەوەی دەقی ئەدەبیی و زێدەکردنی واتای دەق و ئامرازێکە بەدەست نووسەرەوە تا لە ڕێگەیەوە بواری فرەخوێندنەوەی دەق فەراهەم بکات.
2. ئایرۆنی جۆری زۆرە، بەڵام ئەوەی زیاتر لە کورتیلەچیرۆکی کوردیدا دەرکەوتووە ئایرۆنی درامییە.
3. ئایرۆنی ئامرازێکی لەبارە بۆ ڕەخنەگرتن لە باری سیاسیی و کۆمەڵایەتیی و ئایینیی.
4. لە ڕێگەی ئایرۆنییەوە واتا و دەلالەتی جیاواز بە مەدلولەکانی دەق دەدرێن و ئاسۆی دەقەکە فراوان دەبێت بەمەش دەق بواری ئەوەی بۆ دەڕەخسێت پتر لە واتایەك لەخۆیدا کۆبکاتەوە.
5. کورتیلەچیرۆکنووسانی کورد هەوڵیانداوە بۆ بونیاتی دەقەکانیان سوود لە ئایرۆنی وەربگرن ئەمەش لەپێناوی زێدەترکردنی باری شیعرییەتی چیرۆکەکانیان بووە.

### 5- لیستی سەرچاوەکان :

**یەکەم: کتێب بە زمانی کوردی:**


1. بەرزنجی، هێمن(2015) هاوسەری دووەمی کوژراوەکە،چ1، دەزگای جەمال عیرفان، سلێمانی.
2. حەسەن، حەمەفەریق(2014) ڕازێك و سەد ڕاز،چ1،چاپخانەی شەهید ئازاد هەورامی، سلێمانی.
3. خالید،تێکۆشەر(2013) بەڵێ هەڵەیەك ڕوویداوە، چ1،چاپخانەی شەهاب، هەولێر.
4. خورشید،قانع(2021) گوڵبەهارێك لەم پاییزی عومرەمدا دەڕوێت،چ1، ناوەندی ڕێنوێن، سلێمانی.
5. ڕەشید،سابیر(2008) پەیژەکانی تاریکی، چ1، ئاراس، هەولێر.
6. سەڕاج،عەبدوڵڵا(2007) لاکێشە ڕووناکەکان و ئەوانیتر،چ1، ئاراس، هەولێر.
7. عەبباسی،ئاکۆ(1385) گۆڤاری شی، ژمارە سفر و یەك.
8. قەرەنی،ئەحمەد(د)(2012) ڕەخنەی ئایرۆنی لە شیعری نوێی کوردیدا،چ1،چاپخانەی حاجی هاشم،هەولێر.
9. لاج،دەیڤید(2019) هونەری داستان، وەرگێڕانی:د.هاشم ئەحمەد زادە،چ1، چاپەمەنی دەنگ،بانە.

**تێزی ماستەر و دکتۆرا**

10. عەبدولڕەحمان،حوسێن ئۆسمان(2007) ڕۆڵێ پاردۆکسێ د پێکهاتنا هۆزانێدا-کرمانجیا سەرێ وەك نموونە، نامەی ماستەر، کۆلێژی ئاداب،زانکۆی دهۆك.

**دووەم: کتێب بە زمانی عەرەبی**

1. الحسين، احمد جاسم(د)(2010)القصة القصيرة جدا، مقاربة تحليلية، ط2، دار التكوين للتأليف و الترجمة و النشر، دمشق.
2. المناصرة،حسين(د)(2015)القصة القصيرة جدا، رؤى و جماليات، ط1، عالم الكتب الحديث للنشر و التوزيع، الاردن.
3. سليمان،خالد(1999)المفارقة و الادب، دراسة فى النظرية و التطبيق،ط1، دار الشرق، عمان.
4. ميويك،سى.دى(1993)المفارقة و صفاتها،ت.د.عدبدالواد لؤلؤة، موسوعة مصطلح النقدى،ط1 مجلد4،المؤسسة العربية لدراسات و النشر،بيروت.

**گۆڤاری زانستی بە زمانی عەرەبی:**

5. ابراهيم ،علاء عبدالمنعم(د)(2016)شعرية الفكاهة فى الفن الخبر القصصى، مجلة E-Journal of Arabic studies&iclamic civilization, vol 3.
6. الابراهيمى،كرار عبدالالة عبدالكاظم(2017)المفرقة فى شعر ابى نواس،رسالة الماجستير, كلية التربية للعلوم الانسانية، جامعة مثنى.
7. البطاينة، جودى فارس(د)(2011) القصة القصيرة جدا،قراءة نقدية، مجلة التربية و العلم، مجلد18، عدد3.
8. الدباغ، سركوت مصطفى(2019)القصة القصيرة جدا، نشأتها و ميزاتها فى الادب العراقى، مجلةRoute educational and social science,vol11
9. المواج،فادى نهار(د)(2020)التكثيف فى القصة القصيرة جدا مجموعة بين البكاءين لحنان بيروتى انموذجا، دراسة نحوية البلاغية، مجلة الجامعة الاسلامية للدراسات التربوية و النفسية، مجلد 28، عدد3، غزة.
10. سليمان،خالد(1991)نظرية المفارقة، مجلة ابحاث اليرموك،مجلد9، عدد2، الاردن.
11. قريميدة،محمد سالم(د)(2014)مصطلح المفارقة و التراث البلاغى العربى القديم، مجلة الجامعة، عدد 16.

**تێزی ماستەر و دکتۆرا بە زمانی عەرەبی**

12. عبدالخليفة،احمد داود(2004)المفارقة فى قصص زكريا تامر، رسالة الدكتوراه، كلية الدراسات العليا، جامعة الاردنية.
13. عثمان،قصبة(2016)شعرية القصة القصيرة جدا فى قصص(التنفس حلما)لحسين المناصرة، رسالة الماجستير،جامعة الشهيد حمة لخضر-الوادى، الجزائر.
14. عقارى و بن صالح،سلوى و اسماء(2019)جماليات الومضة فى قصص هانى ابى نعيم-وخزات النازفة-انموذجا، رسالة الماجستير، كلية الاداب، جامعة محمد بوضياف،الجزائر.

**سەرچاوەی ئەلیکترۆنی بە زمانی عەرەبی:**

15. يوب،محمد(2015)قصة القصيرة جدا، خروج عن الاطار، شبكة الالوكة.

**سێیەم: بە زمانی ئینگلیزی**

16. Britannica ,the new encycloaedea,15th edition,volume6.

## المفارقة في الاقصوصة الكردية

**سنگر نازم حسين**
كلية التربية - قسم اللغة الكردية / جامعة كويه
sangar.nadhim@koyauniversity.org

**ريزان صالح مولود**
كلية التربية - قسم اللغة الكردية / جامعة كويه
Rezan.saleh@koyauniversity.org

**ملخص**

يتألف هذا البحث والموسوم (المفارقة في الاقصوصة الكردية) والذي هو بالاصل مبحث من اطروحة دكتوراه معد للنشر, من مقدمة ومبحث واحد مقسم الى مباحث فرعية قضلا عن خاتمة تتضمن النتائج التي توصل اليها الباحث.

يستقصي البحث بداية الحديث عن مصطلح المفارقة من حيث معناه وانواعه واهميته مستشهدا بنماذج عملية عن انواع المفارقة في الاقصوصة الكردية الكرمانجية الوسطى معتمدا المنهج الوصفي طريقا للوصول الى المبتغى المنشود.

تكمن اهمية البحث في انه اول محاولة اكاديمية (على حد علمنا) تتصدى لموضوع المفارقة في الاقصوصة الكردية, هنا نود الاشارة الى انه هناك دراسات سابقة تناولت المفارقة في الشعر الكردي في حين ان هذا الجنس الادبي ليس حكرا على الشعر فحسب بل بالامكان مشاهدته في العديد من الانواع الادبية الاخرى.

**كلمات المفتاحية**:(المفارقة, الادب الكردى, الاقصوصة).

## Irony in Kurdish Short short Stories

**Sangar Nadhim Hussein**
Kurdish Department, Faculty of Education,
Koya University
Sangar.nadhim@koyauniversity.org

**Rezan Saleh Mawlood**
Kurdish Department, Faculty of Education,
Koya University
rezan.saleh@koyauniversity.org

**Abstract**

This article, entitled "Irony in Kurdish Short short Stories", is basically a section of a doctoral dissertation, which has been selected for publication and consists of an introduction, a theme and several discussions, and finally the results, achieved by the researcher, have been presented.

At the beginning of the article, the concept, role, importance, and function of irony as well as the types of irony have been discussed in a good theoretical manner. Then, some examples of the types of irony in Central-Kurmanji Kurdish short short stories have been given, by using the descriptive and analytical method.

The importance of such an article is evident in the fact that this is the first time such a topic has been researched academically and previously irony only has been analyzed in the field of Kurdish poetry, while this genre is not only linked to poetry, but can also be seen in all genres.

**Key words**: Irony, Kurdish literature, short short story.